# D A S H – خزمەتی تایبەتی خەمۆکی و پەرێشانی لە شاری هاڵ

*ئایا تۆ ئەوەندە نیگەرانیت هەیە کە کێشە بۆ ژیانی ڕۆژانەت دروست بکات؟*
*ئایا هەست بە دڵەڕاوکێ (سترێس) دەکەیت؟*
*ئایا جارویار خۆف دەکەیت؟*
*ئایا خەمۆکیت؟*
*ئایا لە ژیانت دا تووشی ڕاتەکانی دەروونی (ترۆما) بوویتە کە ئەمرۆیش هەر لەسەر ژیانت کاریگەر بێت؟*

## ناچار نیت بێدەنگ بیت و ئازار بچێژیت – لە 1ی ئۆکتۆبەری 2014ـەوە خزمەتێکی نوێی سەلامەتی دەروونی لە شاری هاڵ بۆ ئێوە دادەنرێت.

DASH خزمەتێکی نوێی سەلامەتی دەروونیە بۆ ئەو کەسانە لە خەڵکی شاری هاڵ و ناوچەکانی دەوروبەری کە تا ڕادەیەکی مامناوەند لە ژیانیان دا خەمۆکی و پەرێشانییان هەیە.

لە ناوەندی DASH ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکخراو و ئاژانسە خۆجێییانە کار دەکەین کە خزمەتەکانی پشتیوانی و ئامۆژگاری دابین دەکەن بۆ ئەندامانی گرووپگەلی کەمینەی نژادی، بەتایبەت پەنابەران و پەنادراوان.

ئەگەر ئینگلیزی زمانی یەکەمی تۆ نیە، یان هەر ناتوانیت بە نینگلیزی قسە بکەیت، ئێمە دەتوانین وەرگێڕی زارەکی دابین بکەین بۆ ئەوەی لە ماوەی چارەسەرکردنی کێشەکەت دا یارمەتیت بدات. هەموو وەرگێڕە زارەکیەکان هەر وەکوو کارمەندە کلینیکیەکانی تیمەکەمان پابەندن بە گرێبەستی پاراستنی نهێنیەکان.

بۆ سەردانی ئەم ناوەندە تکایە لە پزیشکی گشتیی خۆت داوا بکە بتنێرێت.